# وەقایعی کوردستان

**ڕۆژنامەی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد هەفتانە دەری دەکات**

**ژمارە (٨٨) چاپی یەکەم سالی هەشتەم ٢٠٠٨/٧/١٥ ز ٢٤/پوشپەڕ/٢٧٠٨ کوردی ١٤/ رجب/ ١٤٢٩ کۆچی**

Waqaehi Kurdistan

88


**لەم ژمارەیەدا :**


* **یاسای ژمارە (٧) سالی ٢٠٠٨** ............................ لا ١

یاسای داینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان – عێراق .

* **یاسای ژمارە (٩) سالی ٢٠٠٨** ............................ لا ٤

یاسای هەموارکردنی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە ( ٨٧ )ی سالی ١٩٧٩ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان-عێراق.

* **بەیاننامە / سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان-عێراق** ............ لا ٧

ڕاست کردنەوەی هەڵەی مێژوویی لە هزیە پێویستیەکانی بڕیاری ژمارە ( ١ ) ی سالی ٢٠٠٨ لە ١٩٧٨/٤/١٦ بۆ ١٩٨٧/٤/١٦ کە لە ژمارە ( ٨٦ ) وەقایعی کوردستانی ڕۆژی ٢٠٠٨/٥/٢٦ بلاوکرابووەوە.

* **بەیان ژمارە ﴿ ٥ ﴾ سالی ٢٠٠٨ وەزارەتی شارەوانی** ............ لا ٨

گۆڕینی پلەی شارەوانی خورمال لە پلە ﴿چوار﴾ەوە بۆ پلە ﴿ سێ ﴾ لەبەر زیادبوونی ژمارە دانیشتوانی .



ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی عەنکاوە باڵەخانەی وەزارەتی داد .

☎ ( ٢٢٤٥٥١٤ - ٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٧٥٠٤٧٣٦٨٤٢ - ٢٢٤٥٥٠٨ )



نرخی ٧٥٠ دینارە



http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

# وقائع كوردستان


**الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر اسبوعياً من قبل وزارة العدل**

العدد (٨٨) الطبعة الاولى السنة الثامنة ٢٠٠٨/٧/١٥ م ٢٤/ پوشپەر/٢٧٠٨ كوردي ١٤/ رجب/ ١٤٢٩ هجري


**في هذا العدد:**


- **قانون رقم ( ٧ ) لسنه ٢٠٠٨**.................. ص ٩
  قانون تأمين السكن للمواطنين في إقليم كوردستان-العراق.

- **قانون رقم ( ٩ ) لسنه ٢٠٠٨**.................. ص ١٢
  قانون تعديل تطبيق قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ المعدل في إقليم كوردستان- العراق.

- **بيان لمجلس الوطني لكوردستان- العراق**.................. ص ١٥
  تصحيح الخطأ المطبعي في الترجمة الكوردية للقرار رقم(١) لسنة ٢٠٠٨ الصادر من المجلس الوطني لكوردستان-العراق و المنشور في العدد(٨٦) من جريدة وقائع كوردستان في (٢٠٠٨/٥/٢٦) حيث ورد تاريخ (١٩٧٨/٤/١٦) سهوا في السباب الموجبة،والصحيح هو (١٩٨٧/٤/١٦).

- **بيان رقم ( ٥ ) لسنة٢٠٠٨ لوزارة البلديات**......{ باللغة الكوردية }.......... ص ٨
  تغيير درجة بلدية خورمال من الدرجة ( الرابعة ) الى الدرجة ( الثالثة ) .



**No.:88 Date : July,15, 2008 Vol. : 8**



العنوان : اربيل- تقاطع عينكاوه- بناية وزارة العدل.

☎ ( ٢٢٥٥٠٠٤، ٢٢٣١٨٤٢، ٠٧٥٠- ٢٢٥٥٠٠٧ - ٢٢٥٥٠٠٨ )

السعر ٧٥٠ دينار

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com



The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە ( ١٦ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**یاسای دابینکردنی خانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشتوان لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

بە پێی بڕگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردوویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٣) لە ٣ /٢٠٠٨/٦ بڕیارماندا بە دەرکردنی:

# یـــاســـــای ژمـــــارە(٧ )ی ســـاڵـــــی ٢٠٠٨
# یـاســـای دابینکردنی خـــانووی نیشتەجێ بوون بۆ دانیشـــتوان
# لە هـــــەرێمی کـــــوردســــتان ـ عـــــێراق

**ماددەی یەکەم:**

بۆدابین کردنی نوا بۆ هاووڵاتیانی خاوەن داهاتی سنووردار، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن شوقە و خانووی نیشتەجێبوون دروست دەکات و بەناویان دەکات.

**ماددەی دووەم:**

یەکەم: بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، وەزارەتی شارەوانی زەوی نیشتەجێبوون بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن تەرخان دەکات، بێ بەرامبەر بۆ ئەوەی شوقە وخانووی نیشتەجێبوونیان لەسەر دروست بکات.

دووەم: نرخی شوقە و خانووەکانی نیشتەجێبوون بە پێ ی ئەو خەرجیە دیاردەکرێت کە بەکردەنی تێیچووە لەگەڵ زیادکردنی (١٪)ی تێچووەکەی وەك خەرجییەکانی کارگێڕی، بەمەرجێك نرخی زەویەکە ئەژمار نەکرێت.

**ماددەی سێیەم:**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد

دەبێ ئەو کەسەی داوای بە ناوکردنی نیشتەجێبوون دەکات هیچ شوقە ، یان خانوویەکی نیشتەجێبوونی سەربەخۆی بەناو نەبێت و سوودمەند نەبووبێت لە:

یەکەم: هیچ پڕۆژەیەکی نیشتەجێبوونی دیکە لە هەرێمدا.

www.mojkudistan.com

دووەم: ئەو سولفەی خانووبەرەی حكومەتی هەرێم داویەتی.

**ماددەی چوارەم:**

يەكەم: لە ماوەی سی رۆژ دوای رەزامەندی لەسەر داواكەی، داوا كاری بە ناوكردنی شوقە یان خانووەكەی نیشتەجێبوون (١٠٪)ی تێچووی خەملێنراوی بەرایی دەدات.

دووەم: ئەو بڕە پارەیەی لەسەری دەمێنێتەوە بە گوژمەی مانگانە یان سالآنە دەیداتەوە لە ماوەیەك دا كە لە بیست وپێنج سالّ تێپەرنەكات.

سێیەم: ئەو كەسەی یەكە نیشتەجێبوونەكە بە ناوی دەبێت بۆی هەیە دوای (١٠) سالّ لە رۆژی بەناو كردنەكەیەوە بیفرۆشێتەوە بە مەرجێك ئەو گوژمانەی لە ئەستۆی ماوەتەوە، یەك جیّ بیداتەوە.

چوارەم: ئەگەر خاوەن یەكەی نیشتەجێبوون پێش دانەوەی ئەو گوژمانەی لە ئەستۆی ماوەتەوە كۆچی دوایی كرد، میراتگرەكان لەو گوژمانە دەبووردرێن كە لە ئەستۆی كۆچكردوو دەمێنێتەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەتی دارایی، پارەی پێویست بۆ بنیات نانی شوقە و خانوەكانی نیشتەجێبوون بۆ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردن تەرخان دەكات.

**ماددەی شەشەم:**

دەبیّ وەزارەتی ئاوەدانكردنەوە و نیشتەجێكردن شوقە یان خانووەكەی نیشتەجێبوون بە ئامادەكراوی بۆ نیشتەجێبوون رادەستی داواكار بكات لە ماوەیەك كە لە دوو سالّ تێپەر نەكات دوای پێشەكی دانەكە.

**ماددەی حەفتەم:**

شوقە یان خانووەكەی نیشتەجێبوون لە فەرمانگەی تۆمارگەی خانووبەرەی تایبەتمەند بە مولكی صرف بەناوی داواكار تۆمار دەكرێت ودەبێتە بارمتەیەكی تەئمینی بۆ بەرژەوەندی حكومەت بەرامبەر ئەو قەرزەی ماوەتەوە، لەگەلّ رەچاوكردنی بڕگەی (سێیەم) لە ماددەی چوارەمی ئەم یاسایە.

**ماددەی هەشتەم:**

شوقەكە یان خانووكە لە رەسمی تۆماركردن لە فەرمانگەی تۆمارگەی خانووبەرە بۆیەك جار دەبووردرێت.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد

**ماددەی نۆیەم:**

دەبیّ ئەنجومەنی وەزیران و لایەنەكانی پەیوەندیدار هەریەك بە پیّ ی دەسەلآتی خۆی، پێڕەوو رێنمایی پێویست دەربكەن بۆ ئاسانكردنی جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئەم یاسایە.

www.mojkudistan.com

**ماددەی دەیەم:**

دەبی ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی یازدەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی دەرچواندنیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**مسعود بـــــارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

ئەم یـــاسایە لــــە ١٥ی پوشپەڕ ٢٧٠٨ی کـــــوردی بەرامبەر ٣ی رەجەب ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ٦ی تەمموز ٢٠٠٨ی زایـنـــــی لە هەولـــــــێر دەرچــــــووە .

**هۆیەکانی دانانی ئەم یاسایە**

لەبەر ئەوەی کێشەی نیشتەجێبوون لە هەرێمی کوردستان دا کێشەیەکی بەر چاوو دیارە کە زۆرینەی فەرمانبەران و هاووڵاتیانی کەم دەرامەتی گرتۆتەوە، وەلەبەر ئەوەی هەموو هاووڵاتیەکیش مافی خۆیەتی شوێنی نیشتەجێبوونی هەبێت و، بۆ کەمکردنەوەی کێشەی نیشتەجێبوون ئەم یاسایە دانرا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**
**بــڕیـــار**
**ژمــارە ( ١٧ ) ساڵی ٢٠٠٨**

**یــاســـای هەموارکــردنی پیادەکردنی یــاســـــای بەکرێدانی خانوبەرە ژمارە( ٨٧ )ی ســـــاڵـی ١٩٧٩ی هەموارکراو لەهەرێمی کـــوردســـــتان ـ عێراق**

بە پێی برگەی (١) ی ماددەی (١٠) ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ ی هەموارکراو و بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (٢٨) لە ١٧ /٦/٢٠٠٨ بریارماندا بە دەرکردنی:

## یــاســـای ژمـــــارە (٩) ی ســـاڵـــی ٢٠٠٨
## یاسای هەموارکــردنی پیادەکردنی یــاســـای بەکرێدانی خانوبەرە ژمارە(٨٧)ی ســـاڵـــی ١٩٧٩ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردســـــتان ـ عێراق

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی (سێیەم) لەیاسای بەکرێدانی خانوبەرەی ژمارە(٨٧)ی ساڵی١٩٧٩ی هەموارکراو لەهەرێمی کوردستان ـ عێراقدا لەکار دەوەستێنرێت.

**ماددەی دووەم:**

کاربە حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانوبەرەی ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو، کەلە هەرێمدا بەرکارە، سەبارەت بەم خانووبەرانەی کە بۆ نیشتەنی بەکرێ دراون، بەردەوام دەبێت بۆ ماوەی چوارساڵ لە رۆژی بەرکاربوونی ئەم یاسایە، و دوای بەسەر چوونی ئەو ماوەیە، دەکەونە ژێر کـــاری حوکمەکانی یاسای شارستانی /ژمارە (٤٠)ی ساڵی١٩٥١ ی هەموارکراو.

**ماددەی سێیەم:**

یەکەم:ئەو گرێبەستانەی بەکرێدانی خانوبەرە بۆمەبەستی غەیری نیشتەجێیوون، دوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە، مۆردەکرێن دەکەونە ژێرکاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ی هەموارکراو.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لەسایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

دووەم:گرێبەستەکانی ئەو خانوبەرەی کە بۆ غەیری مەبەستی نیشتەنی بەکرێ دراون و بەر لە بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆرکراون، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە رۆژی کۆتایی هاتنی ماوەی گرێبەستەکەوە درێژ دەکرێنەوە و، پاش کۆتایی ئەو ماوەیەش ، کرێیەکەی دەکەوێتە ژێر کاری حوکمەکانی یاسای شارستانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ١٩٥١ ی هەموارکراو.

**ماددەی چوارەم:**

لەهەرێمی کوردستان- عێراقدا حوکمەکانی ماددەی ( چوارەم)ی یاسای بەکرێدانی خانوبەرە ژمارە(٨٧)ی ساڵی١٩٧٩ ی هەموارکراو لەکار دەخرێن و، ئەمانەی خوارەوە جێیان دەگرنەوە:

یەکەم:نابێ کرێی ساڵانەی ئەو خانوبەرانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە، لەو گرێبەستانەی کەدوای بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆردەکرێن، لەم رێژانەی خوارەوە زێتربن:

١-(٤٪) چوار لەسەدی بەهای گشتی ئەو خانوبەرە یان ئەو شوققانەی بۆ نیشتەنی ئامادەکراون و بۆ ئەم مەبەستەش بەکرێ دەدرێن.

٢-(٦٪) شەش لەسەدی بەهـــــای گشتی ئەو خــــانوبەرە یان ئەو شوققانەی کە ژوور،ژوور، بۆ نیشتەنی بەکرێ دەدرێن.

٣-(٨٪) هەشت لەسەدی بەهـــــای گشتی ئەو خانوبەرە یان ئەو شوققانەی کە بۆ مەبەستی غەیـــــری نیشـــتەنی بەکـــرێ دەدرێن.

دووەم:کرێی ساڵانەی ئەوخـــــانوبەرانەی کە حوکمەکـــــانی ئەم یـــــاسایە دەیانگرێتەوە، لەو گرێبەستانەی پێش بەرکاربوونی ئەم یاسایە مۆرکراون، بەپێی رێژەکانی بڕگەی (یەکەم)ی سەرەوە هەموار دەکرێت.

سێیەم:مەبەست لەبەهای گشتی خانوبەرە لەم یاسایەدا کۆی بەهای زەویەکەو بینایەکەیە لەوکاتەدا کە دەسەڵاتی دارایی بۆ جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەیخەملێنێ.

**ماددەی پێنجەم:**

بڕیاری ژمارە(٣٢) لە ٢٠٠٣/٢/٦ کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان-. عێراقەوە دەرچووە، هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی شەشەم:**

وەزیری دارایی و ئابووریی هەرێم ، بۆی هەیە، رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد

**ماددەی حەوتەم:**

هەر دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت کاری پێ ناکرێت.

www.mojkudistan.com

**ماددەی هەشتەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکانیش حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی نۆیەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیی ( وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عێراق**

ئەم یاسایە لە ١٥ی پوشپەڕ ٢٧٠٨ی کوردی بەرامبەر ٣ی رەجەب ١٤٢٩ی کۆچی و بەرامبەر ٦ی تەمموز٢٠٠٨ی زاینی لە هەولێر دەرچووە .

**هۆکـــــارەکـــانی دانانی ئەم یـاســـــایە**

بۆ ئەوەی یاسا لەگەڵ سیاسەتی کۆمەڵایەتی و ئابووری هەرێمدا بخرێتە سەر بارێکی گونجاو بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی یاساکاریەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان و لەپێناو بەدیهێنانی هاوسەنگی لەنێوان هەردوو لایەنی گرێبەستی بەکرێداندا بەچاوێکی دادپەروەرانە و یەکسانی و رەچاوکردنی هەڵومەرجی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی کوردستانیدا و هاندانی بزاڤی ئاوەدانکردنەوەو وەبەرهێنان بەشێوەیەکی گشتی لەبواری نیشتەجێبوون و هاندانی کەرتی تایبەتیش بۆ هاوبەشیکردنی لە کەم کردنەوەی گرفتی نیشتەجێبوون، ئەم یاسایە دانرا.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

ئه نجومه‌نی نیشتمانی كوردستان-عێراق
به‌رپوه‌به‌رایه‌تی كــــار و باری ئه نجومه‌ن

ژمـــاره : ٧٩٩/٥/٣
ڕۆژ : ٢ / ٧ / ٢٠٠٨

# بەیـاننـامە

پشت بە حوكمی مادده هەشت لە یاسای ژمـــارە ( ٤ ) ی ســــــــاڵی ١٩٩٩ ( یـاسای بلاْوكردنەوە لە ڕۆژنـــامەی ڕەسمی وەقایعی كـــوردستان )وە لەبەر ئەوەی هەڵـــەیەكی چــــــاپ لەوەرگێڕانە كوردییەكەی بـــڕیاری ژمارە ( ١ ) ی ســـــــاڵی ٢٠٠٨ ی ئەنجومەنی نیشتمانی كـوردســـــتان- عێراق ڕوویداوە لە ژمارە ( ٨٦ ) ڕۆژنامەی وەقـــــایعی كوردستان لە ڕۆژی( ٢٠٠٨/٥/٢٦ ) بـــلاْوكـــــراوەتەوە تێیدا مێژووی ( ١٩٨٧/٤/١٦ )ی لە هۆیە پێویستیەكانی بـڕیـــــــارەكەدا هاتووە و ڕاستیەكەشی( ١٩٨٧/٤/١٦ )ە، بۆیە بە پێویستمان زانی ئـــامـاژەی پێ بدەین.

فـرســـت احمد عبدالله
سكرتێری ئه نجومه‌نی نیشتمانی كوردستان- عێراق

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

وەزارەتی شــــــارەوانی
فەرمانگەی یـــاســـایی

ژمـــــارە : ٨٨٣١
ڕێكـــەوت : ٢٠٠٨/٦/٢٣

## بەیـــــانی ژمارە ﴿ ٥ ﴾ ســــــاڵی ٢٠٠٨

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی كە پێمان دراوە بە گـــوێرەی بـــڕگەی ( ١ ) لە مـــاددەی ( ١٠ ) لە یـاســـای بەڕێوەبـردنی شـــــارەوانیەكـــان ژمـارە ( ٦ ) ی ســـاڵـــی ( ١٩٩٣ ) ی هەموار كراو لەبەر بەرژەوەندی گشتی و گەیشتنی ژمارەی دانیشتوانی شارۆچكەی خورمـــــاڵ لە سنووری شارەوانیەكانی سلێمانی بۆ ( ٢٣١٦٩ ) كـــەس بـــڕیارماندا بە :-

١. گۆڕینی پلەی شارەوانی خورمــــاڵ لە پلەی ( چوار ) بۆ پلەی ( ســــێ ) .
٢. ئەم بــــــڕیارە لە ڕۆژی بڵاوكردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێ بە جێ دەكرێت.

نـــازەنـــین محمد وسو
وەزیـــری شـــارەوانی

ئەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة الاقليم
الرئيس

باسم الشعب
قرار
رقم ( ١٦ ) لسنة ٢٠٠٨

**قانون تأمين السكن للمواطنين في إقليم كوردستان ـ العراق**

وفقًا للفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناء على ما شرعه المجلس الوطني لكوردستان – العراق في جلسته المرقمة(٢٣) والمنعقدة في ٣ /٢٠٠٨/٦ قررنا إصدار:

## قانون رقم (٧) لسنة ٢٠٠٨
## قانون تأمين السكن للمواطنين في إقليم كوردستان ـ العراق

**المادة الأولى:**

تقوم وزارة الاعمار و الإسكان ببناء شقق ودور سكنية للمواطنين في إقليم كوردستان لغرض تأمين السكن لمواطني الإقليم من ذوي الدخل المحدود وتمليكها لهم.

**المادة الثانية:**

أولاً: تخصص وزارة البلديات قطع أراضي سكنية مجاناً لوزارة الاعمار و الاسكان لانشاء شقق ودور سكنية عليها تنفيذاً لأحكام هذا القانون.

ثانياً: تحدد كلفة البناء على أساس المصاريف الفعلية للتشييد مضافاً إليها (١٪) كنفقات إدارية على أن لا تحتسب قيمة الأرض.

**المادة الثالثة:**

يشترط على مقدم طلب التملك أن لا يملك شقة أو داراً سكنية على وجه الاستقلال وأن لا يكون قد استفاد من .

أولاً: أي مشروع سكني آخر في الإقليم.

ثانياً: السلفة العقارية المقدمة من حكومة الإقليم.

**المادة الرابعة:**

أولاً: يدفع طالب التملك بعد إعلان قبول طلبه خلال مدة ثلاثين يوماً من تاريخ الإعلان بالمطالبة مبلغاً لا يقل عن (١٠٪) من القيمة التقديرية الأولية للشقة أو الدار السكنية التي يطلب تملكها.

ثانياً: يسدد طالب التملك المبلغ المتبقي بذمته بأقساط شهرية أو سنوية خلال مدة لا تزيد على خمس و عشرين سنة.

www.mojkudistan.com

ثالثاً: للمتملك حق بيع الوحدة السكنية المُمَلّكة له بعد عشر سنوات من تاريخ تملكها على أن يسدد ما تبقى من الأقساط صفقة واحدة.

رابعاً: في حالة وفاة مالك الوحدة السكنية قبل تسديد الأقساط المترتبة بذمته، يعفى الورثة مما تبقى من الأقساط.

**المادة الخامسة:**

تقوم وزارة المالية بتمويل وزارة الاعمار والإسكان التخصيصات المالية اللازمة لبناء الشقق ودور السكن.

**المادة السادسة:**

تلتزم وزارة الاعمار والإسكان بتسليم الشقة أو الدار السكنية لطالب التملك جاهزة للسكن خلال مدة لا تتجاوز سنتين من تاريخ دفع المقدمة.

**المـــادة السابعة:**

تسجل الشقة أو الدار السكنية باسم طالب التملك في دائرة التسجيل العقاري المختصة ملكاً صرفاً ومرهونة رهناً تأمينياً لصالح الحكومة بما يعادل مبلغ القرض المتبقي مع مراعاة الفقرة (ثالثاً) من المادة الرابعة من هذا القانون.

**المادة الثامنة:**

يعفى تسجيل الشقة أو الوحدة السكنية في دائرة التسجيل العقاري من رسوم التسجيل و لمرة واحدة.

**المادة التاسعة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة كل حسب اختصاصه إصدار الأنظمة والتعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة العاشرة:**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة الحادية عشرة:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ إصداره و ينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**

**رئيس إقليم كوردستان-العراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد

صدر هذا القانون في هەولێر في ١٥ پوشپەڕ لسنة٢٧٠٨ كوردية الموافق ٣ رجب لسنة ١٤٢٩ هجرية الموافق ٦ تموز لسنة ٢٠٠٨ ميلادية.

www.mojkudistan.com

## الأســــباب المــوجـــبة

تشكل أزمة السكن في إقليم كوردستان مشكلة شاخصة تشمل شريحة واسعة من الموظفين والمواطنين محدودي الدخل، وبما ان لكل مواطن الحق في امتلاك وحدة سكنية ، وللتخفيف من وطأة هذه المشكلة فقد شرع هذا القانون.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

بسم الله الرحمن الرحيم

إقليم كوردستان – العراق
رئاسة الإقليم
الرئيس

باسم الشعب
قرار
رقم ( ١٧ ) لسنة ٢٠٠٨
قانون تعديل تطبيق قانون إيجار العقار رقم( ٨٧ ) لسنة ١٩٧٩
المعدل في إقليم كوردستان ـ العراق

وفقًا للفقرة الأولى من المادة العاشرة لقانون رئاسة إقليم كوردستان – العراق رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل و بناء على ما شرعه المجلس الوطني لكردستان – العراق في جلسته المرقمة (٢٨) والمنعقدة في ٢٠٠٨/٦/١٧ قررنا إصدار:

## قـــــانون رقم (٩) لســــــنة ٢٠٠٨
## قــــانون تعديل تطبيق قــــانون إيجـــار العقـــار رقم(٨٧) لســــنة ١٩٧٩
## المعدل في إقليم كــــــوردستان ـ العراق

**المادة الأولى :**

يـوقف نفاذ المادة (الثالثة) من قانون إيجار العقـار رقم ٨٧ لســـنة ١٩٧٩ المعدل في إقليم كوردستان – العراق.

**المادة الثانية :**

يستمر العمل بأحكام قانون إيجار العقار رقم ٨٧ لسنة ١٩٧٩ المعدل والنافذ في الإقليم بالنسبة إلى العقارات المؤجرة لأغراض السكنى لمدة أربع سنوات اعتبارا من تاريخ نفاذ هذا القانون و تخضع بعد مضي المدة المذكورة لأحكام القانون المدني رقم ٤٠ لسنة ١٩٥١ المعدل.

**المادة الثالثة:**

اولاً: تخضع عقود إيجار العقار التي تؤجر لغير أغراض السكن بعد نفاذ هذا القانون لأحكام القانون المدني رقم ٤٠ لسنة ١٩٥١ المعدل.

ثانياً: تمتد عقود إيجار العقار المؤجر لغير أغراض السكن المبرم قبل نفاذ هذا القانون لمدة سنتين اعتباراً من تأريخ انتهاء مدة العقد وتخضع في إيجاره لأحكام القانون المدني بعد انتهاء المدة المذكورة.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkurdistan.com

**المادة الرابعة :**

يوقف في إقليم كوردستان ـ العراق العمل بحكم المادة ( الرابعة ) من قانون إيجار العقار رقم ٨٧ لسنة ١٩٧٩ المعدل ويحل محلها مايلي:.

**أولاً:** لا تزيد الأجرة السنوية للعقارات المشمولة بأحكام هذا القانون في العقود التي تبرم بعد العمل به على النسب التالية :

١- (٤٪ ) أربع من المائة من القيمة الكلية في العقارات أو الشقق المعدة للسكنى المؤجرة لهذا الغرض.

٢- ( ٦٪ ) ست من المائة من القيمة الكلية في العقارات أو الشقق المؤجرة على شكل غرف للسكنى.

٣- ( ٨٪ ) ثمان من المائة من القيمة الكلية في العقارات أو الشقق المؤجرة لغير أغراض السكنى.

**ثانياً:** تعدل الأجرة السنوية للعقارات المشمولة بأحكام هذا القانون في العقود المبرمة قبل العمل به إلى النسب الواردة في الفقرة (أولاً) أعلاه.

**ثالثاً:** يقصد بالقيمة الكلية للعقار لأغراض هذا القانون، مجموع قيمة الأرض والبناء وقت التقدير الذي تجريه السلطة المالية تنفيذاً لأحكام هذا القانون.

**المادة الخامسة :**

يلغى القرار المرقم (٣٢ ) والمؤرخ في ٦/ ٢/ ٢٠٠٣ الصادر من قبل المجلس الوطني لكوردستان ـ العراق.

**المادة السادسة :**

لوزير المالية والاقتصاد في الإقليم إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة السابعة :**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة الثامنة :**

على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة التاسعة :**

ينفذ هذا القانون اعتبارا من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية ( وقائع كوردستان).

**مسعود بارزاني**

**رئيس إقليم كوردستان- العراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی داد

صدر هذا القانون في هەولێر في ١٥ پوشپەڕ لسنة٢٧٠٨ كوردية الموافق ٣رجب لسنة ١٤٢٩ هجرية الموافق ٦ تموز لسنة ٢٠٠٨ ميلادية.

www.mojkudistan.com

## الأســـباب المـــوجـــبة

لأجـل جعـل القـانون منـسجماً مـع الـسياسة الاجتماعيـة و الاقتـصادية في الإقلـيم و لتحقيـق أهـداف التـشريعات الاجتماعيـة و الاقتـصادية و بغيـة تحقيـق التـوازن بين طـرفي عقد الإيجـار بنظـرة عادلـة تقوم علـى أسـاس المـساواة و مراعـاة الظـروف الاجتماعيـة و الاقتـصادية و تعزيـز الـروابط الاجتماعيـة في المجتمـع الكوردسـتاني و تـشجيع الحركـة العمرانيـة و الاسـتثمارات بـصورة عامـة في مجـال الـسكن و تـشجيع القطـاع الخاص للمساهمة في تخفيف أزمة السكن فقد شرع هذا القانون.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com

**المجلـــس الوطني لكوردستان – العراق**
**مديرية شؤون المجلــــــس**

**العــــــدد : ٧٩٩/٥/٣ مكرر**
**الـتــأريخ : ٢٠٠٨/٧/٢**

# بــــــــيان

استنادا إلى حكم المـــادة الثامنة من القانون رقم ( ٤ ) لـــسنة ١٩٩٩ ﴿ قـــانون النشـــر فـــي الجريدة الـــرسمية – وقـــائع كوردستان ﴾ ، بالنظر لوقوع خـــطأ مطبعي في الترجمة الكوردية للقـــرار رقم ( ١ ) لـــسنة ٢٠٠٨ الصادر من المجلـــس الوطنـــي لكوردســـتان – العراق و المنشور فـــي العدد ( ٨٦ ) من جـــريدة وقـــائع كوردســـتان فـــي ( ٢٠٠٨/٥/٢٦ ) ، حيث ورد تـأريخ ( ١٩٧٨/٤/١٦ ) سهواً فـــي الأسباب الموجبة ، و الصحيح هو ( ١٩٨٧/٤/١٦ ) . مما اقتضى التنويه.

**فرست احمد عبدا لله**
**سكرتير المجلـــس الوطني لـــكوردستان – العراق**

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كوردستان لە سایتی وەزارەتی داد
www.mojkudistan.com